# تیرۆر بەرهەمی چەوسانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە

## بەشی دووەم و کۆتایی

نەزەند بەگیخانی

لە رووی کۆمەڵایەتییەوە: کۆمەڵگەی کوردی ستروکتورێکی عەشایری هەیە کە لە پێکهاتەی حیزب و دەسەڵاتیشدا رەنگی داوەتەوە، تایبەتمەندیی مێژوویی کوردی و شەڕ و مەینەتییەکان پەیوەندییە عەشایرییەکانیان بەهێزتر کردووە. تاک لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە پەراوێز نراوە و خاوەنی هیچ بنەما و ستاتویەکی تایبەت بەخۆی نیە. واتە تاک لەناو یەکەکانی خێزان و عەشیرەت دا تواوەتەوە و عەقلییەتێکی باو و گشتی لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی هەرەمیی بەڕێوەی دەبات، پەیوەندییەکان پابەستن بە گوێڕایەڵی و بێدەنگی و ترس، بە کۆمەڵێک تابو و حەرام. بۆ مانەوە و بەردەوامبوون، تاکەکان هەر لەسەرەتاوە فێردەبن راستی بشارنەوە. بۆ نمونە: خۆشەویستی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا قەدەغەیە، بەڵام کەم گەنج هەیە نەکەوێتە ناو حالەتی خۆشەویستییەوە و بۆ شاردنەوەشی پەنا نەباتە بەر درۆ، شاردنەوەی راستی و نەبوونی شەفافیەت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی خاسیەتێکی سەرەکی کۆمەڵگەی ئێمەیە.

کۆمەڵگەیەک کە فەرمانی یەک جۆرە ژیان، یەک جۆرە بیرکردنەوە، یەک جۆرە رەفتار بسەپێنێ بەسەر «گشت»، کۆمەڵگەیەک کە شایان لە کوشتن و ئەتککردن بەناوی نامووسپەرستیەوە بنێ و چەشنی مەراسیمێک جێبەجێی بکات و بێدەنگی و شاردنەوەشی بەکاری شەرەفمەندانە دابنێت، لەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا فەزا زۆر کەمە بۆ ئازادی، بۆ گفتوگۆ و رادەربڕین. بۆ دادوەری و راستی. بە کورتی، لە کۆمەڵگەیەکی ئاوادا چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی گەشە دەکات. ئەو چەوسانەوەیەش رۆژانە پیادە دەکرێت: هەر لە دەمکوتکردنی تاکەکان و راهێنانیان بە گوێڕایەڵی کوێرانە و شەرم و بێدەنگی و ترس تا دەگاتە زەوتکردنی ئازادی و سزادان و ئەتککردن و کوشتنیان. لە کۆمەڵگەیەک کە عەقلیەتێکی باو و گشتی بەڕێوەی ببات نەک یاسایەکی دارێژراو و پابەند بە مافی مرۆڤ، تاوان قبوڵ دەکرێ. توندوتیژی و کوشتن بە بیانووی نامووسپەرستیەوە دیارترین نمونەیە بۆ پیشاندانی ئەو واقیعە. لەو کۆنتێکستەدا و بە پێی عەقلیەتە باوەکە، تاوانبار و ریسوابوو ئەو کەسانەن کە بێدەنگی دەشکێنن و دژی تاوانەکان دێنە گۆ. لێرەدا نەبوونی هۆشیاری و ترس و سزا، وا دەکات کە مرۆڤەکان بێدەنگ بن و راستیەکات نەدرکێنن. ترس و درۆ و دووروویی و شاردنەوەی راستی سیمای پێکەوەمانەوەی ئەو گروپانەن کە دەنگی جیاواز مەحکوم دەکەن و هەموو جۆرە توندوتیژییەک بەکاردەهێنن بۆ لێکنەترازانی ئەو ستروکتورە. لەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا هەردەم بوار دەرەخسی بۆ پراکتیکردنی توندوتیژی و کوشتن. کردەوەکانی شێخ زانا و یاوەرەکانی هەڵقوڵاوی ئەو زەمینەن کە بە تێکەڵبوونی لەگەڵ کەسایەتیی تایبەتی هەریەک لە یاوەرەکان بەرهەمی وەک تۆرە تیرۆریستەکەی شێخ زانای لێدەکەوێتەوە. ئەو بەرگریکردن و هەستکردن بە شەرمەزارییەی کە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردیش تووشی بوون لە ئەنجامی بینینی دیمەن و دانپێداهێنانەکانی شێخ زانا و یاوەرەکانی، بەرهەمی تێگەییشتنێکی هەڵە و نەبوونی خوێندنەوەیەکی واقیعیانەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە بۆ کۆمەڵگە.

لەوانەیە زەحمەتترین خوێندنەوە بۆ دیاردەی تیرۆریزم و کردەوەکانی تۆڕە تیرۆریستەکەی شێخ زانا، خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆژییانە بێت. بەرای من، بۆ تێگەییشتن لە ووردەکارییەکانی ناخی شێخ زانا و هەریەک لە یاوەرەکانی، لیژنەیەکی تایبەت و پسپۆڕ لە بواری دەروونناسی پێویستە.

رۆلی ئایین: هەرچەندە هەروەکو لە سەرەتادا وتم، تیرۆریزم سنورە جوگرافی و ئێتنیکیەکانی بەزاندوە و ئیمرۆ دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام ئەو دیاردەیە ئیمرۆ بە پلەی یەکەم لە لایەن گروپە ئیسلامییە سیاسییەکانەوە پیادە دەکرێت. رۆلی ئایینی ئیسلام لە پێکهێنان و ئاراستەی ئەو ئایدیۆلۆژیایەدا چییە؟

دیاردەی ئیسلامی سیاسی بەو شێوەیەی کە ئیمرۆ دەیبینین، لێکدانەوەی مێژوویی هەڵدەگرێ. واتە خوێندنەوەی مێژووی پەیوەندییەکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات و شەڕە ئایینیە گەورەکان و دواتر کۆلۆنیالیزم و بەرگری نەتەوەیی وولاتانی کۆلۆنیالیکراو و دامەزرانی دەولەتی ئیسرائیل. لەو کۆنتێکستەدا، مرۆڤی موسڵمان هەست بە نادادوەری و زوڵمێک، بە دەبڵ ستاندارد دەکات کە دەیەوێ بەو شێوازەی ئیمرۆ پێیدەڵێن تیرۆریزم بەرەورووی بێتەوە. ئەو خوێندنەوەیە ئەوەشمان پێدەڵێ کە ئایینی ئیسلام زەمینەیەکی لەباری تێدایە بۆ بەرەنگاربوونەوە و توندوتیژی.

خاسیەتی هەرە سەرەکی کە ئایینی ئیسلام لە دوو ئایینە یەکخوداییەکانی دیکە (یەهودیەت و مەسیحیەت) جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە ئیسلام تەنها ئایین نیە بۆ عیبادەت و سەلوای رۆحی مرۆڤ لە بەرامبەر پرسیارە وجودییە گەورەکان – من کێم، بوونی من چی دەگەیەنێ، دوای مردن بۆ کوێ دەچم – بەڵکو لە هەمان کاتدا سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریشە. ئەو خاسیەتە وایکردووە کە ئایینی ئیسلام ببێتە کۆد و فەرمان و لە ژیانی رۆژانەی خەڵک بە ووردی رەنگ بداتەوە. موحەممەد موستەفاش تەنها پێغەمبەر نەبوو، بەلکو سەرکردەیەکی سیاسی بووە و رابەرایەتی غەزووەکانی کردووە. بەڵام ئەمانە نابێ ببنە هۆی ستیگماتیزەکردنی ئایینی ئیسلام و دژایەتیکردنی. موحەممەد بۆ کاتی خۆی مرۆڤێکی پێشکەوتوخواز بو و تەحەددای کۆمەڵگەی ئەوسای دەکرد – قەدەغەکردنی زیندەبەچاڵی کچان، دانانی میرات بۆ ژن کە پێش ئەو نەک هیچ میراتی نەدەگرت بەڵکو بە میرات دەگیرا. ئەمانە بۆ ئەوکاتی دوورگەی عەرەبی نوێ بوون و لە لایەن زۆربەوە دژایەتیش دەکران.

لە راستیدا، دیاردەی ئیسلامی سیاسی لە قەیرانی فیکری و سایکۆلۆژیای مرۆڤی موسڵمانندایە. مرۆڤی موسڵمان قورئان وەکو وتەی خودا دەبینێ کە هیچ گۆڕان و لێکدانەوەیەک هەلناگرێ. واتە، مرۆڤی موسڵمان نایەوێ قورئان وەکو دیاردەیەکی مێژوویی سەیر بکات کە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا و بۆ کۆمەڵگەیەکی جیا لە ئێستا نووسراوە. بە مێژوویکردنی قورئان واتە قبولکردنی گۆڕان و لێکدانەوەی سەردەمیانەی کۆد و بڕگەکانی و گونجاندنی لەگەڵ پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ نەک گەڕاندنەوەی مرۆڤی سەردەم بۆ رابردوویەکی دوور. ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی دەیەوێ ئەوە ئەنجام بدات: گەڕاندنەوە بۆ 1400 ساڵ پێش ئێستا و سەپاندنی کۆد و یاساکانی ئەوسای کۆمەڵگەی عەرەبی بەسەر تەواوی کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا. بە تایبەتی کۆد

و یاساکانی تایبەت بە ژن، چونکە ژن سێنتەری ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسییە: ئەو ئیمپراتۆریەتەی کە ئیسلامییە سیاسییەکان دەیانەوێ دایمەزرێنن، هیچ بوارێکی تێدانیە بۆ ئازادی ژن[1].

## ئەنجام:

کورد وەکو نەتەوەیەکی داگیرکراو خۆی وەکو قوربانی دەبینێ و خوێندنەوەیەکی رۆمانسیانەی دوور لە واقیعی بۆ کۆمەڵگە و بزووتنەوە کوردییەکان و بەرگری نەتەوایەتی هەیە. لە خەیاڵی گشتیدا، کورد کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی بنیاتناوە (Imagined Community) لەسەر بنچینەی یەک خوێن ویەک گروپ و یەک بیر و یەک ژیان و یەک چارەنووس. ئەو کۆمەڵگە خەیاڵیە دوای دانپێداهێنانەکانی شێخ زانا و یاوەرەکانی هەرەسی هێنا. ئەندامەکانیشی لەبەر ئەوەی تێگەییشتنێکی ئەپستراکت و دابڕاو لە جیهان و دەوروبەریان هەبوو، ئامادەیی و توانای پێویستیان نیە بۆ بەرگەگرتنی ئەو کارەساتە و تووشی هەژان و واقورمان بوون.

لەوانەیە گومان هەبێ لەو توخمانەی کە راستی پێکدەهێنن، بەڵام راستی پێویستە هەردەم بووترێ. وردەکارییەکانی ژیان و کردەوەکانی شێخ زانا و یاوەرەکانی بە هیچ کەسێ هەرس ناکرێن. ئەو پەرچەکردارەی لەناو کۆمەڵگەش دروست بوو، بە تایبەتی چینی مەلا و ئیسلامییەکان، ئەوەمان پێدەڵێ کە پیشاندانی ئەو پرۆگرامە بۆتە هۆی شکانی هەندێ لە تابووە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. پیشاندانی دیمەنی نێربازی و پراکتیکی سێکسی لەوانەیە زیاتر لە دیمەنی کوشتن و سەربڕینەکان کۆمەڵگەی هەژاندبێ. بەش بە حاڵی خۆم، ئەوەی کە نارەحەتی کردم، کەمتەرخەمی دەسەڵات و هەروەها نەبوونی هەڵوێستێکی سیاسی بوو دوای بڵاوکردنەوەی دانپێداهێنانەکان.

تۆڕی تێرۆریستی شێخ زانا ساڵانێکی زۆرە چالاکە و چەندەها کاری تێرۆریستی ئەنجامداوە. لە هەمووشی ترسناکتر ئەوەیە کە ئەو تۆڕە توانیویەتی رەگی خۆی لەناو جەرگەی هێزەکانی ئاسایش دابکوتێ و راشکاوانە کار بکات. کەچی دەسەڵاتی کوردی درکی پێنەکردووە. ئەمەش تەنها بێتوانایی هێزی ئاسایش دەرنابڕێت، بەڵکو تاوانباریی گەورە لێپرسراوانی هەردوو زلحیزب دەردەخات: تاوانبار بە شەڕی براکوژی و دەرەنجامەکانی.

دەزگاکانی پاراستن و ئاسایشی هەردوو زلحیزبی یەکێتی و پارتی زۆر زیرەک و وریا بوون لە بەرەنگاربوونەوەی یەکتری و جاسووسیکردن بەسەر یەکترییەوە. شەڕی خۆکوژی و تاکڕەوی حیزبە دەسەڵاتدارەکان پانتاییەکی ئازادی رەخساند بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی گروپی تێرۆریستانی وەکو تۆڕەکەی شێخ زانا. لەو پانتاییەدا و لە ژێر سایەی حوکمی میلیشیادا، هەردوولا بۆ زیادکردنی هێزی میلیشیای خۆیان ئامادەبوون تاوانبارێکی لایەنی دژ داڵدە بدەن و بەرزی بکەنەوە. لە کاتێکدا دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشی پارتی و یەکێتی سامان و سەرچاوەیەکی زۆری ماددی و مەعنەویان تەرخان کردبوو بۆ پلاندانان و

---

[1]. رۆلی ژن لە تۆڕەکەی شێخ زانا و بەجێهێنانی کردەوەکان غامزە و پێویستی بە سەرنج و لێکۆڵینەوە هەیە. لەسەر ئەم بابەتە لە داهاتوو باسێک بڵاودەکەمەوە.

جاسوسی و موراقەبە کردنی یەکتری و گرتن و سزادان و لەناوبردنی ئەوانەی مەیلی یەکێیتی یا پارتیان هەبوو، کەچی کەمتەرخەم بوون لە پلان و کاری موخابەراتی بۆ چاودێریکردن و بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریستان و دابینکردنی ئاسایش بۆ هاوولاتیان. دوای نەمانی شەڕیش، کەشوهەوایەکی تایبەت دروست بوو کە دەکرێ بە شەڕی ساردی نێوان یەکێیتی و پارتی ناوبنێین. لەماوەی شەڕی سارددا، ململانێ و بەربەرەکانێی حیزبیی بەردەوام بوو و ئەو بارودۆخەش ڕێگر بوو لەبەردەم کاری هاوبەش و ستراتیژیەتێکی یەکگرتووی کاریگەر بۆ دابینکردنی ئاسایشی کوردستان.

دوای بڵاوکردنەوەی دانپێداهێنانەکانیش، دەسەلات هیچ هەڵوێستێکی سیاسی نەنواندووە. هەڵوێستی سیاسی لەم بارودۆخەدا لەسەر دوو ئاست پێویستە: یەکەم: دانانی لیژنەیەکی یاسایی بێلایەن بۆ لێپرسینەوەی گەورە بەرپرس و کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ و لەکارخستنی هەموو ئەوانەی کەمتەرخەم بوون لە دەزگای ئاسایش. دووەم: لەبەر ڕۆشنایی دانپێداهێنانەکانی شێخ زانا و یاوەرەکانی پێویستە مەسەلەی تێرۆریزم لەناو پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر بکرێ و یاسایەکی تایبەت بە تێرۆر و تێرۆریستان دابڕێژرێ و بڕیاری لەسەر بدرێ بۆ جێبەجێکردن لە زووترین دەرفەتدا. بۆ دروستکردنی متمانە و باوەڕ لە ناخی هاوولاتیاندا، پێویستە دەسەلاتی کوردی لە هەموو کارێکی ئاییندەیدا کراوە و شەفاف و ڕاستگۆ بێت و هەڵەکانی ڕابردوو دووبارە نەکاتەوە.

لەندەن، 2005/7/19